تەرەمپ هەڕەشەی سپاندنی باجکی زۆر بەرز بەسەر ڕوسیادا دەدات

دۆناڵد تەرەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەگەر نەگەنە ڕێککەوتن و ڕاگرتنی شەڕی ئۆکرانیا، ئەمریکا لەماوەی 50 ڕۆژدا "باجکی زۆر بەرز" بەسەر ڕوسیادا دەسەپێنێت.

دۆناڵد تەرەمپ لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ مارك ڕوتە سکرتێری گشتی ناتۆ لە ئۆفیسی ئۆڤاڵ، بە ڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند، بڕهیوا بووە لە ڤلادمیر پوتن هاوتا ڕوسییەکەی و "زۆر ناڕازییە" لە پوتن لەسەر شەڕی ئۆکرانیا.
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەگەر لە ماوەی 50 ڕۆژدا ڕێککەوتن نەکرێت، باجی زۆر توند دەسەپێنین، ئەمانەی تا ئێستاش سەپێندراون باجی لاوەکین و ئەوانەی داهاتو 100% قورس دەبن".

تەرەمپ جەختیکردەوە کە دەیەوێت شەڕی ئۆکرانیا ڕابگرێت و "نائومێدی" خۆی لە ڤلادمیر پوتن سەرۆکی ڕوسیا دەربڕی .

دەشێت، "پوتن و نەتەنیاھۆ ئاستەنگ لە خەونەکەی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دروست دەکەن".

سەبارەت بەچەکی وێاتەکەشی، تەمپ وتی، ئەمریکا باشترین ئامێر و باشترین موشەك و "باشترین ھەمو شتێك" دروست دەکات، ئەم چەکانەش دەنێرن بۆ ناتۆ لەبەرامبەریشدا " ناتۆ پارەی ئەو چەکانە دەدات".